# کێشەکانی نێوان ڕۆشنبیران و دەستەڵاتداران ... بارزان شوان

گەڵاڵە کردن و ئامادە و ڕێک و پێک کردنی بابەتەکان و کۆکردنەوەی زانیاری و ڕێک و پێک کردن و تۆژینەوەی زانیاریەکان و دیاری کردنی نرخی مرۆڤ و قەبڵاندنی لێکۆڵینەوەی ڕاپۆرتەکان و درووست بوونی گومان و درووست کردنی بارو دۆخ و ئەزموونی بەربڵاو بۆ شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکان، کە پابەندن بە ژیانی کۆمەڵایەتیەوە دەبنە ڕێو شوێن ومالْباتی ڕۆشنبیران بۆ شیکردنەوەی بابەتە بەرچاوەکان وڕێگەی چارە دۆزینەوەن بۆ گرفتەکان.

هەر لە دێرینەوە ململانێ و ڕووبەڕو بونەوەی ڕۆسنبیران و دەسەڵاتداران گۆشەیەکی گەورەی لە ژیانی مرۆڤ و پرۆسەی مافی ڕادەربڕینی بیرو باوەڕی ئازادی هاوڵاتیانی گرتۆتەوە.

هەرلە سەردەمی سۆمەرەکانەوە—بە ڕەگەز عەرەبە کۆنەکانەوە—وهەروەها ئەکەدیەکان، کە پێشتر پێك هاتبوون لە زۆر هۆزو تیرە، هەر هەمووشیان لە وولاتی میسوپۆتامیا ژیانیان بەسەر دەبرد، ئەم هۆزە خێڵەکیانە، کە هەر یەکەیان لە ناوچەکەی خۆیان یاسایەکی تایبەتمەندیان بۆ خۆ دارشتبوو کە تەنها لە پەرژەوندی خەڵکانی دەستەڵات دارهاتبوونە کایەوە.

لەکاتی حوکمڕانی حەمۆرابیدا، کە سەدەکەی بە چەرخی درووست بوونی داد و دادگا دەژمێردرێت، بە خۆشی بە بنەمای سارێژی باوکی یاسا دادەنرێت. گرنگی ئەو کارەی تەنها لەوەدابووە کە هەستاوە بە کۆکردنەوەی زۆربەی ئەو یاسا بەر بڵاوانەی کە باو بوون لە ناو هێز و خێڵەکانی ئەو ناوچانەی لە ژێر دەستی دا بوون، بە هەرەمەکی هەر هەمووی کۆم کردنەوە و کردنی بە یاساو دەستووری بەڕێوەچوونی کاری دەزگاکانی لە وولات دا، . لە دوای بەڕێوەبردنی ئەم یاسایانە، ئیدی کەس وەك تاك یان گروپ بۆی نەبوو بۆ نموونە هەستێت تۆڵەی خۆی بە دەستی خۆی بکاتەوە، هەر کەسێک کارێکی خراپی بکردبایە، ئەو کاتە دەزگای داد و یاساکەی هەڵدەستا بە سزاکردنی ئەو تاکە، بە شێوەیەک کە ئەو سزادانە لە گەڵ بەندەکانی دەستوورەکەیەوە یەکیان بگرتایەتەوە. هەر چەندە ئەم یاسایانەی حەمورابی وەک فەرمان نوسرابوونەوە و بە دوای ئەوەدا کردنی بە قانون و شەریعەتی وڵات، بەڵام لە ڕووی شارستانیەتەوە ئەو یاسا نووسراوانە زۆر سەخت و نالەبار بوون، ئەویش هەر لە بەر ئەوەی کە زۆربەی بۆچونەکان و نووسراوە داڕێژکراوەکانی لە پەرژەوەندی سەرۆک هێزو خێڵەکانی ئەو کاتە وەرگیرابوون، وەک یاسای بەناوبانگی /// دان لە جێگای دان و، چاو لە بری چاو // بە دوای ئەویش ئەم جۆرە دارشتنانە لە زۆربەی دادی وولاتانی تریش هەر وەک خۆی مایەوە، هەندێک لەو یاسایانە تا ڕۆژانی ئەمڕۆش لە هەندێک لە وولاتە عارەبیەکاندا هەر باوە.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە یاسا هەردەم دەرگایەك بووە بۆ پاراستنی دەستەڵاتداران، وە هەر ئەوانیش لە هەموو چەرخەکانی مێژوودا گۆڕانکاریان تێدا کردوە، بە مەرجێک کە لە گەڵ هەمان سەدەدا ئەو گۆڕانکاریە گونجاوبێت. دەسەڵات هێزێکی کۆمەڵایەتی فەلسەفیە کە تاک یان گروپ هەوڵی بۆدەدات و بە ئەنجامیی دەگەیەنێت، گرنگ نی یە کام چمکە ڕێگا دەگرێتە بەر واتەبە شەرعی بێت یان بە زۆردی، گرنگی کاردانەوەی ئەوەیە کە

بگونجێت لەگەڵ خواست و جمو جۆڵی ئەو کەسە یان ئەو گرووپە و بڕیارەکانیان لە سەر زۆرینەی خەڵکی ئەو ناوچەیە و ناوچەکانی دراوسێیان پێ کۆنترۆڵ کردبێت.
شیوەی دەسڵات و بنەماکانی زۆرن و لە ناوچەیەکەو بۆ ناوچەیەکی تر دەگۆڕدرێت، بە گوێرەی ڕێژەی بیرکردنەوەی خەڵکی ئەو دەبەرە کە پەیوەندی بە ئایین و کولتوری ئەو کۆمەلگایەوە هەیە، هەر جەندە شوێنی جوغرافی ڕۆڵی گەورەی بینیوە بۆ پێشخستن و گۆڕانکاری ئەو دەستەڵاتە وئەو یاسایانەی لەو دەبەرە دروست بوونە.
بۆچونەکان و بەکاربردنی شێوەکانی دەستەڵات زۆرن، لە ڕواڵەتدا بە کار بردنی هێزی دەست و بازو لە خەڵکی ئاسایەوە دەستی پێکردوە، دەستەڵاتیش لە بەرێوەبردنی کارەکانی مرۆڤ خۆیەوە دەستی پێ کردوە و درووست بوە، هەر وەک چۆن رۆڵی پیاو بە ئاشکرا دیارە کە ڕۆژانە بە بازو هەولێ داوە بە هێزتر بێت لە ژنان و دەسەلاتی خێزان بە گشتی کەوتۆتە ژێر دەستی خۆیانەوە، هەروەها بەر لە هاتنی ئاینی ئیسلامیشەوە حوکمی پیاو سالاری و باوك سالاری هەر هەبوە. وە هەر لەو روانگەیەوە دەسەڵاتی گروپ و هۆزو عەشرەت.. هد پەیدا بوە، ئەویش بە زۆری بەکارهێنانی ماسولکەی چەند پیاوێک کە لەو ناوچەیە ژیانیان بەسەر بردوە، بە درێژایی ڕۆژگار ڕابەرێکیان بۆ خۆ هەلبژاردوە، دوور نی یە ڕابەرەکە بە خۆی بە هێزترین پیاویان بووبێت.
هەر لەم بۆچونەوە پێمڕایە سیستەمی حوکمداری و دەستەڵات بەسر ناوچەیەکدا درووست بوە. بە بۆنەی لاواز بوونی دەستەڵات وتەسک بینی بۆچوونەکانی هەندێک لەو سەرۆک تیرە و هۆزانەوە سیستێمی دەستەڵاتی هەندێکی تری بە هێزتر کردوە و ناوچە ژێردەستەکانی خۆشیان توانیوە بەرفراوانتر بکەن،. بە دوای ئەم جۆرە دەستەڵاتانە، دەسەڵاتێکی شێوە جیاوزی تر هاتۆتە مەیدانەوە، ئەویش بە دەستەڵاتی سەرمایەداری دەرە بەگ و ئاغا ناوبانگی دەرکردوە. بەڵام مێژوو وەستانی بۆ نیە، هەر بۆیە بە دوای ئەم شێوە بە کاربردنی هێزانەدا، دەستەڵاتێکی تر بۆی ڕوخساوە کە هەر هەموویان بخاتە ژێر ڕکێفی حوکمڕانی خۆیەوە، ئەویش فشاروگوشاری پیاوە ئاینیەکان بوو،. بۆ پاراستنی سەرمایەی پیاوە ئاینیەکان و کلێسە و مزگەوتەکان و شوێنە تایبەتە درووستکراوەکان بۆ خودا پەرەستی، ئەم جۆرە سیستێمە دینیە توانیان بە ناوی ئایینەوە کۆ سەرباز و پۆلیس ڕێکبخەن. هەر لەوەشەو سیستەمی وولات پەیدا بووە، وەک سیستەمی پادشایی و دوایش سیستەمێکی فراوانتر لەو دامەزراوە بە ناوی کۆمارەوە،. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ شۆرشی پاریس لە وولاتی فەرەنسادا، کە لەسالی ١٧٨٩ دا ڕووی دا. خەڵکیکی رۆشنبیر و لیبرال مەشخەڵی ئەم شۆڕشەیان داگیرساند.
هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەموو شەڕو شۆڕەی کە پێشتر فەرنسا لە گەڵ ئەلمانیاو، نەمساو، روسیا دووچاری ببوو، خەڵکێکی زۆر لە فەرنسیەکان و توشی ماڵ وێرانی کوشتن بوون هەر لەو ساڵەشدا بوو جۆرج واشنتۆنی سەرۆکی ئامریکا توانی کۆماری سەربەخۆی دژ بە بەریتانیا پێک بێنێت. لێرەدا بە بەڵگەی مێژووییەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەگەر میللەت لە لایەن دەستلاتەوە فشاری زۆری خرایە سەر، ئەو کاتە شۆرش بەرپا دەبێت.
دەسەڵاتو رۆشنبیر دوو هێزی یەکسانن بەیەک، بۆیە هەردەم لە ناکۆکیدان
لێرەدا خالێکی گرنگ بەسەر ئەو دوو هێڵە جیاوازەدا خۆی دەنوێنێت.. واتە لە نێوان دەستەڵات ورۆشنبێران دا.. ئەویش باری ئابووریە. ئەگەر هاتوو بازاری ئازاد لەو وولاتە نەهاتبێتە کایەوە، ئەو کاتە سیستەمی ناوەندی دەستەڵات حوکم دەگێڕێت، وە بە گوێرەی ئەم خاڵە، ڕۆشننیران هەردەم لە ژێر لافاوی فشاری دەسەڵاتداران دەمێننەوە، هەر بۆیە

سەقامگیری لەو وولاتانەدا زۆر کاریکی ئاسان نی یە، خەڵکێکی زۆریش ڕیسوای باری ئابووری ناهەموار دەبن و کێشەی ئابووری هەتا هەتاییان پێوە دەلکێت. بۆیە لە ساڵی ١٩١٧ دا شۆڕشی بەلشەفی دژی قەیسەری روسیاو هەلگیرسا، وولاتێکی کۆمەنیستی لە وێدا هاتە کایەوە، بەلام هەڵەکانی ستالین بۆ بەڕێوەبردنی کار و باری وولات بوون بە بناغەیەکی نەمانی ئەو ڕژێمە، وای لە خەڵکانی ئەم دەوڵەتە کرد کە سوک سوک بیر لە گۆرین بکەنەوە، هەرچەندە ئەو گۆڕانکاریەش ماوەیەکی زۆری خایەند هەر لە بەر هۆی ململانێی سیاسەتی نێوان دوو قوڵ و هێزی جیهانی مەزن لەو کاتەدا کە ئەو بەربەرەکانیەش هەر لە لە پەرژەوەندی خرۆشۆف و برجنێڤدا بوو، تاکو جەنگی سارد لە نێوان رووسیای کۆن و ئامریکادا دەستی پێ کرد، بە دوای چاکسازی گۆرباچۆڤ و کۆدەتا سەربازیەکەی یلسنەوە، دەوڵەتی ورژێمی شیوعی هاتە ڕووخاندن و وولاتی ڕوسیاش پەرتو بڵاو بۆوە.

ئەمانە تەنها بۆ نموونە دەهێنمەوە تاوەکو دەسەڵات داران سوود لە ڕووداوەکانی مێژوو وەربگرن و بەخۆیاندا بچنەوە، چونکە تەمەنی تاکە حیزبایەتی دوو ناوچەی جیاواز و دوو بۆجوونی جیاواز و لە یەک دوور، دوور نیە شۆرشێکی گەورەی گەنجان و لاوانی بەدواوە بێت کە کۆتاییەکەی مەرج نیە لە پەرژەوەندی هەموو هاوڵاتیاندا بێت. چونکە زۆر هێزی ئیسلامی توندڕەو هەن کە بۆ وەرگرتنی دەسلات کۆشش دەکەن، خۆ هێزی وولاتانی دەوروپستیشمان هەر چاویان لە تێکچوونی پرۆسەی دیموکراتیە لە ناوچەکەمان دا.

لە ماوەی ئەم ١٥ ساڵەی دواییەدا، دەبینین کە داواکاری رۆشنبیران بەرەو پێشڤەچوون گەلەك زۆر بوون لە کوردوستان دا، هۆیەکانیشی دەگەڕێنەوە بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە!

١- لە دوای ئەوەی کوردوستان لە ژێر دەستی رژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ ڕزگاری بوو. تامەزرۆی خەلکانی بەش خوراوی کوردی بۆ بەکارهێنانی زمانی زگماکی و مامەلەکردنیان لە گەل هەڤدیدا بە تین تر کرد، کە ئەمە بە خۆی هزرو فکری نەتەوایەتی و داواکردنی مافە ڕەواکانی کوردیان لە ناو گشت هاوڵاتیاندا بەهێزتر کرد..

٢- دوورکردنەوی خەلکانی کورد لە ڕەوش و ڕەفتاری ڕەگەز پەرستی عارەبی کە چەندەها ساڵ مێشکی کوردی مژوول کردبوو، هەرچەندە هەندێک لەو ڕەوشانە تا وەکو چەند سڵێک لەوەو بەریش، لە لایان موسڵمانە توندڕەوەکانەوە لە ناوچەی هەلەبجە و پێنجون ڕەچاو دەکران، کاریگەریەکی خراپیان سەپاندە سەر خەڵکانی ئەو ناوچەیە بە مەرجێک کاردانەوەکەی لە سەر میللەتی کورد بە زۆر شکایەوە، سارێژ کردنی ئەو برینانەش چەند ساڵێکی تری هەر گەرەکە، بە هۆی یارمەتی دەرەکیەوە لە هەندێک لە وولاتانی دراوسێمانەوە، ئەم گروپە توندڕەوانە بە هۆی نەبونی و هەژاری و باری ئابووری نا لەبارەوە توانیان چەند خەڵکانێکی دانیشتووی شارانی سلێیمانی و هەولێر بە ناوی یارمەتی ئابوریەوە بکرن و بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، هەتا ئێستاش کاریگەری بەسەر هەندێک خەڵکانەوە هەر ماوە.

.

٣- بۆ هێنانەدی و بەدیهێنانی هەندێک لە مافە ڕەواکان، گەنجان و لاوان بۆیان دەرکەوت کە تاقە ڕێگا بۆ داواکردنی سەربەستی و ئازادی بیرو ڕا، ڕێپێوانی ئاشتیانەیە، بۆیە چەند ڕیپێوانێکی ولۆ ورەخنە گرتن دژ بە هەندێک دامو دەزگاکان دەستی پێ کرد، ئەم ڕێپێوانە ئاشتیانە بە قۆناغێکی سەرەکی بەرەو گۆڕانکاری و دابەشکردنی ڕەوای کار ەکان لە گشت دام و دەزگاکاندا بەرەو ڕۆژێکی بەختەوەرتر بۆ دوا رۆژ دەژمێردرێت.

.

٤- زۆرینەی رۆشنبیران بە تایبەتی و خەڵکانی کوردوستان بە گشتی داوی چاکسازی و نەهێشتنی گەندەڵی دەکەن لە دام و دەزگا دەوڵەتیەکاندا، کە ئەمە بە خۆی بە قۆناغیکی گرنگ بەرەو دوارۆژێکی بەختەوەر بۆ گەلی کورد و کوردوستان و چەسپاندنی بنەما دیموکراتیەکان پێوانە دەکرێن.

٥- ئەو گۆڕانکاریانەی لەم دواییەدا لە چەند وولاتێکی ئەوروپادا بە تایبەتی لە فەرەنسادا دەستی پێکرد، هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە سەر ناڕەزایی بوونی لاوان و نەوەی تازە بەرامبەر بە ڕەفتارە ناڕەواکنی دەستەڵاتدا، ئەمە هەر بە خۆی نموونەیەکی زەقە لەم بوارەدا، کە لە ئەنجامیشدا زیاتر لە ٦٠٠٠ ئۆتۆمۆبیل سووتێنران و چەندەها ساختمان و دەزگا حکومیەکان بازاڕە بەناوبانگەکان ڕووخێندران، دوور نیە ئەم کردەوانە لە ماوەیکی نزیکدا زۆر شوێنی تر لە جیهاندا بگرێتەوە.

٦-نەوە تازە هەڵکەوتوەکان و گەنجانی هەژاران بەردەوام پرسیار لە خۆیان دەکەن و دەپرسن ئەم سەرمایەدارە نوێیانە و ئەم مەسئوول و لێپرسراوە تازانە کە تا دوێنیش خاوەنی بستە زەویەکیش نەبوون، ئەو هەموو پارەو سەرمایەیان لە کوێ هێناوە؟. ئەم ڕەوتە تازەیە بێگومان لێکۆڵینەوەی گەرەکە لە لایان سەرکردەکانەوهو بە زووترین کاتیش پێویستی بە چاکسازی و پاکسازی هەیە، . پشتگوێ خستن و چارەسەرنەکردنی ئەم نەخۆشی گەندەڵیە بۆ پاشەڕۆژی گەلەکەمان گەلەک دژوارو ترسناکە، هەر وەک بەرمیلێک بارووتی بێ خاوەن وایە هەر کاتێک پریشکێک ئاگری بەرکەوێت، ئەو ناوە هەموو دەسووتێنێت.

٧- وەڵام نەدانەوەی لێپرساوان سەبارەت بە پرسە گرنگەکانی هاوڵاتیان دەربارەی دەنگدان و هەلبژاردنەکانی ئەم دواییەدا، نیگەرانیەکی لە ناو خەلکان پەیدا کردوە کە باوەڕ و متمانەیان بە لێپرسراوانی ئەورۆ نەمێنێت، چونکە بەرەڵایی پرۆسەی دەنگدان لە سەر پێوانەی چەند لایەنێکدا شکایەوە، جا لە بەر ئەوە باشترە لەمڕۆ بە دواوە، ڕێکخراوە جەماوەریەکان هەستن بە بەرپرسی کردنی سندووقەکانی هەڵبژاردنەوە، یەمە یۆمان دەردەکەوێت کە پرۆسە و شیوازی بنیاتنانی دیموکراتی ڕاستەقینە لە کوردوستاندا سەقامگیر دەبێت.

٨- ئەمرۆ رۆشنبیرانی کورد زۆر بە ڕاشکاوی داوا لە سەرکردەکانیان دەکەن کە بە ڕاستی وەڵامیان بدەنەوە لە بارەی دامەزراندنی حکومەتی یەکگرتووی نوێوە، جارێکی تر میللەت بە هیچ شیوەیک قایلی دابەش کردن و ئیدارەی دەستەڵاتی فیفتی فیفتی نابێتەوە، ئەویش لە بەر ئەوەی کە ئەم تاقی کردنەوەیە زووتر سەپێندرا بە سەر گەلی کوردا و ئەنجامەکەشی وەک ئاشکرایە تەنهاماڵوێرانی بە دواوە بوو، هەر بۆیە لە نێو گەلانی سەربەخۆی جیهانیشەوە بە خراپی دەنگ و ڕەنگی دایەوە. ئەورۆ سەرکردەکانمان نابێت بکەونە داوی خواستەکانی عەرەبە سونیەکانەوە بۆ دەست تێوەردان و گۆڕینی دەستووری داڕێژراوی گشت عێراقەوە، کاتێک کە هەر کورد بە خۆمان بەرپرسی گەڕاندنەوەی ئەم جۆرە عەرەبانەین بۆ وەدەست هێنانی دەستەڵات لە گەڵ حکومەتی نوێ جەعفەری دا، کە ئێستا دەبینین چلۆن ئەوانە بۆئێمەی کورد بوونە بە درووستکردنی کێشە.

٩- رۆشنبیران هەموو بە یك دەنگ دەبێت نیشانی حکومەتی جەعفەری ولێپرساوانی خۆمان بدەین کە لە دوارۆژدا هەر شاشی و هەڵەیەک سەبارەت بە کێشەی کەرکوك وناوچە ئازاد نەکراوەکانی کوردوستاندا لە هەر بوارێکدا بکرێت، دەبێتە هۆی دابەزین و خۆپیشاندانی خەڵکانی کۆڵنەدەری کوردوستان بۆ گۆڕینی ئەو حکومەتە، لە ڕێپوانێکی

ئاشتیخوازانەدا، خۆ ئەگەر ئەوەش سوودی نەبێت ئەو کاتە دەبێت سەرکردەکانمان بۆچوون و ڕێگای ترمان بۆ بدۆزنەوە، ئەم کارەش دەکرێت بەر لەوەی سوپایەکی بەهێزی سەر بە شیعەی توندڕەولە گەڵ سوننە سەلەفەکیان دروست بکرێت و هێرشێکی کوشندەی تری بە ناو سەعدی ئیبنی وەقاسمان بۆ زیندوو بکەنەوە و ئەو بارە ئارامیەی ئێستای کوردستانمان لێ تێک بدەن.

١٠- دەبێت حکومەتی کوردوستان کێشەی ئاوارەکانی دەرەوەی وولات بخاتە سەر شانی خۆیی و زە مینەیان بۆ خۆش بکەن وڕێگا چارەیەکیان بۆ بدۆزنەوە، زۆربەی زۆری ئەو ئاوارانە لە ڕۆشنبیر و کادرە بە تواناکان پێک دێن، ئەوانە هەر بە خۆیان گەنجینەیکن بۆ گۆڕین و سەقامگرتنی دیموکراتی و بارێکی ئابووری بە هێز لە ئاییندە دا،

١١- بە بۆچونی من یەکێک لە مەرجەکانی شارستانیەت بایەخ دانە بە کردنەوەی بنکەی تایبەتی جۆراو جۆر بۆ گەنجان و لاوان، دەست تێوەردانی بیر و بۆچوونی ئەم لاوانە دەبێتە هۆی درووستکردنی کێشەو بارێکی نا هەموار لە کۆمەڵگادا، نابێت دەزگا ئاینیەکان و حکومیەکان زۆر بکەنە سەر لاوان کە بە گوێرەی بۆچوونی خۆیان هەستن بە دانانی چەند یاسایەکی نەگونجاو کە بە هێچ شێوەیەک لە گەڵ بۆچوونی لاوان و گەنجان یەک ناگرنەوە، زۆر ئاشکرایە کە هەر بنەچەیەک بۆچوون و ڕەفتار و شێوەی ژیانی تایبەتی خۆی و سەرو سیماو گۆڕینی جل و بەرگ وشیوەی دوان و هەڵسوکەوتی تایبەتمەندی خۆی هەیە..

١٢- گرنگترین خاڵ سەربەستی دەزگاکانی ڕاگەیاندنە، کە بە هیچ شێوەیەک نابێت سانسور لە سەر هیچ بۆ چوونێکی سیاسی و ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دابنرێت.

لێرەدا دەبێت بڵێین کە حکوومەتی کوردوستان بەرپرسیارە بۆ دابینکردنی پێویستیە سەرەکیەکان و مافەڕەواکانی ڕۆشنبیران، هەوڵ و تەقەلای ڕاستەقینە بدرێت بۆ چاک کردنی باری ژیانی گشت تاکەکان و چین و توێژەکانی خەڵکانی کوردوستان، کە ئەمە بە خۆی بە پێویستیەکی نەتەوایەتی لە قەڵەم دەدرێت، دەبێت هەوڵی سەرەکی بۆ دۆزینەوەی کاری گونجاو بۆ خاوەن مەدرەکەکان و پسپۆرە لێهاتوەکان بدۆزرێتەوە، هەمیشە کۆشش بکەن بۆ کەم کردنەوەی خەم و پەژارەی هەژاران و لێقوماوان.

دەکرێت دووبارە، ئەگەر خواست و وویستی هەر دووک لایەن بە مەرجێک گۆڕانکاریەکی ولۆ بێتە کایەوە کە لە شێوەی ئاڵ و گۆڕکردن بێت، وە ئەگەر ئەو هەل و مەرجانە لە باربن، ئەو کاتە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدرێت، کە بریتیە لە تێکۆشانێکی ڕێک و پێک بۆ درووستکردنی پردی ڕێکخراوە جەماوەریەکان، ئەم هەوڵە بە گرنگترین هۆی دووبارە درووستکردنەوەی کۆمەڵ. شۆڕشی دەستەڵاتداری بێ دادگەر دژی شۆڕشگیرانی ڕاستەقینەیە، واتە دژی شۆڕشە، ڕاپەڕینی بەسێک لە دەستەڵاتداران دژی بەشێکی تر کۆدەتا یان شۆڕشی کۆشکیە، هەر بۆیە بە پێی توانا دژی نوێهێنان وبەرەو پێشچوونن، جا لەبەر ئەوەیە بە پێی توانا پێش بە گەشکردن و سەرکەوتنی شۆڕشە، شۆڕشگێریەکان دەگرن. سەرکەوتنی شۆڕشە گەورەکان، دەبێتە هۆی سەنقوومی چینی کۆمەڵایەتی دەستەڵاتدارو کۆنەو لە ئاکامدا چینی کۆمەڵایەتی نوێ دێتە مەیدان و ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵ دەگۆڕێت.

uvnbas@hotmail. com